# تاکەی جەستەی ئافرت دەکرێتە پەرژین بۆپاراستنی شەرەفی پیاو؟



گۆران هەڵەبجەیی

ئافرەتێک بەپەرەمێزی حەمام سووتا،بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی لەخەستەخانەگیانی لەدەستدا.
لەدەرەوەی شار ئافرەتێک بەکووژراوی لەپاڵ کۆرپەزیندوەکەیدا دۆزرایەوە.
کچێکی گەنج بەهۆی سوکایەتی و لێدان لەلایەن باوک و براکانیەوەخۆی سوتاند و گیانی لەدەستدا.
ژنێک بەچەند فیشەکێک کوژراوە،گوومان هەیەمێردەکەی کووشتبێتی،ئاسەواری ئەشکەنجەبەجەستەیەوەدیارە.
کچێکی17ساڵ بۆماوەی 8ساڵ باوکی لەماڵەوەبەندی کردووە، کچەکەئێستا شێت بووە لەتەک پشیلەدا ژیان بەسەر دەبات.
برایەک لەگۆڕستانی شار 30فییشەکی لەخوشکەکەی خۆیدا خاڵیکردەوە،ئەویش بەهۆی ئەوەی خوشکەکەی ئەوینداربووە .
لەسەر کێشەی لەوەڕگا ، باوکێکێک کچەکەی خۆی دا بەبڕێک پووش و گیا .
باوکێک کچە15 ساڵەکەی خۆی دا بەپیاوێکی 55 ساڵ تا بەشیربابییەکەی ژنێکی دیکەبۆخۆی بهینێت.کیژەکەش پاش ماوەیەک خۆی سوتان.
بەهۆی ڕێگری خێزانەوە بۆگەشتن بەخۆشەویستەکەی کچێک خۆی سووتان، هەر بۆڕۆژی دوای کورەکەش کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.
دووعاش لەکەرنەڤاڵێکی جانەوەراندا بەهۆی خۆشەویستیەوەبەردوو بلۆک باران کرا.

ئەم هەواڵانەمشتێکن لەخەرواریک کەڕۆژانەلەوڵاتەکەی مندا ڕوودەدەن و بەردەوام لە میدیاکاندا دەبینرێن و دەبیستریێن.
سەیر لەوەدایەلەبەر ئەم هەواڵەدڵتەزێنانەجگەلەکووشتنەکەی دوعا زۆر بەسانایی وەک هەر هەواڵێکی سادە بەسەر زەینمانداگوزەر دەکەن.

با تەنها بۆ چرکەساتێک بیر لەمعانات و ئازارەدەروونی و جەستەییەکانیان بکەینەوە،چرکەساتی خۆسووتاندن چرکەساتی ئەشکەنجەچرکەساتی کووشتن ئەودەمەدەردەکەویت کەئافرت چەندئازارکێشەو لەچ دۆزەخێکداا دەژی.

ئەرێ بەراست ئەوەچیەپال بەکچێک یا ژنێکەوەدەنیت کۆتایی بەژیانی خۆی بهینێت؟
ئاخر لەژیان خۆشتر نیە،بەلێ ژیان خۆشە ،لێ بەو چەشنەی کە مرۆڤ خۆی دەخوازێ و گەرەکیەتی ،نەک بەو جۆرەی کەسانی دیکەبۆی دیاری دەکەن،چونکە ئەو دەمە ژیان هیچ ماناو بەهایەکی نامینێ و دەبێتە دۆزەخ ،ئەو دۆزەخەی باوک و براو مام و ئامۆزا وخاڵ درووستیان کردووەو هاندەرە بۆ خۆکووشتن.
ئەمڕۆ لەکوردستان خۆسووتاندن و کووشتنی مێینەگەشتووەتەئاستیکی ترسناک،ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی ئەو کارەساتەتراژیدیایەلەهەڵکشاندایە،بی ئەوەی ئاسۆیەک بۆ کۆتایی پێ هێنانی بەدیبکریت.
دەسەڵاتی کوردی بەگووتەدژ بەو دیاردەیە وهەموو هەوڵێکی وەگەڕ خستووەبۆ نەهێشتنی ،لێ لەپراکتیکدا هیچی دیارنیەو هەندێک جاریش چاوپۆشی لەو جۆرەکووشتارانەکردووە،هەر بەوەش نەوستاوە بەڵکو هەندێک بەرپرسان ئافرەت کوژان داڵدە دەدەن، نمونەی سالح مزەلی کەدەستی بەخوێنی دووخووشک سوورە 6 مانگ لەلایەن بەرپرسێکەوەلەسلیمانی داڵدەدرابوو، پاش ئەوش کەحوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو هەمان دەسەڵات بەسوڵحی عەشایەری لەسێدارەڕزگاری کردوو کە بێگومان لە ئایندەدا ئازاد دەکرێت.
بەپێی ئامارەکان لەسەرەتای دەسەڵاتی خۆماڵیەوەتائێستا پترلە 10 هەزارژن کوژراوەیا خۆی سووتاندووە.
باوک برا مێرد و خزمانی دیکەئەنجام دەروهۆکاری ئەم تاوانەن، زۆربەی هەرەزۆری توانباران دەموودەست لای دەزگاکانی پۆلیس ئاشکرابوون و لێکۆڵینەوەش لەگەڵ هەندێکیانا کراوە، بەو پێیەبیت دەبی ئێستا چەند هەزار کەسێک بەو هۆیەوەسزادرابن،
لێ بەپێی ئەو زانیاریانەی لەپۆلیسی هەولێرەوەوەرگیراون تائێستا تەنێ 19 کەس بەتاوانی کووشتنی ئافرەت حوکم دراون ،ئەوانی دیکەسەربەست و سەربەرز دەگەڕین.
بەمەدەردەکەوێت کەدەسەڵاتی کوردی چەند خەمسارد و کەمتەرخەمەلەو چۆن چاوپۆشی لەو کارانە دەکات. هەر ئەمەشە دەستی تاوانبارانی وەڵاکردووەو بێ ترس و سڵینەوە تاوانەکانیان ئەنجام دەدەن.
گەر یاسای سزادانی ئەو جۆرە تاوانانە بڕێک توون بکرێتەوە و هەنێک لە تاوانباریان بەمەرگ سزا بدرێن وەک لە ئەمەریکا هەیە ،ئەودەمە ناڵێم کووشتنی ئافرەت نەدەما بەڵام بێگوومان کەمتر دەبووەوە.

هۆکارەکانی کووشتنی ئافرەت یەکەو کووشتنەکان جیاواز، لەکەدارکردن یا ناوزڕان یا شەرمەزارکردنی خێزان هۆکارە .کوشتنەکان بە فیشەک بە چەقۆ بە توێڵا بەسووتاندن.
شەرەف، حەیا،نامووس،ئەخلاق،ئابڕو ئەو چەمکانەن کەپیاو لەجەستەی مێینەدا وەک ،بە شکانی ئەو کریستاڵە ئەو چەمکەپیرۆزانەش دەشکێن. کریستاڵ پاراستوونی هەر خودی پیاو خۆشی

دەزانێت شکاوەیانا هەر خۆشی بریاردەرەلەفەناکردنی جەستەکەدا لەژێر پاساوی پاراستنی ئەم چەمکانەدا ڕۆژانەچەندین تاوان ئەنجام دەدرێت.
جەستەی ئافرت ئەو پەرژینەتۆکمەیەکەشەرفی پیاو خێزان بنەماڵەخێڵ وپێکهاتە پاشکەوتووەکانی کۆمەڵگەی پاراستووە.
بۆیە کاری پیرۆزی پیاو پاراستنی ئەو پەرژینەیە وەک پاسەوان،چونکە شەرەفی خۆیی و بنەماڵەو تەنانەت گەرەکیش بەندە بەو پەرژینەوە.درووست بوونی هەر کەلێنێک لەو پەرژینە یانی ڕوودانی کارەسات.

دەسەڵات ڕۆڵی کاریگەر لە ژیانی هاوولاتیدا وازی دەکات ،گەرخودی دەسەڵات بە ئاراستەیەکی تەندرووست و مودێرن و ئینسانیدا هەنگاو هەڵگرێت،دیارە گۆمەڵگەش
بەهەمان ئاراستەدا ڕێدەگرێت.

بەپێچەوانەشەوەگەر دەسەڵاتێک پاشکەوتوو بوو، هێڵەکانی کارکردنی ڕوون ودیار نەبوون و چارەنووسی هاوڵاتیانی بەهەند وەرنەگرت ،ئەو دەمە کۆمەڵگەدەکەوێتەژێر کاریکەری وپاڵەپەستۆی کەلتوورەدواکەوتووەکان ،ئەوانیش بەوئاراستەیەدا دەینەن کەخۆیان دەخوازن، دیارەلەکەلتووری دواکەوتوو و داب و نەریتی زیاندمەن مرۆڤی دواکەوتوو دێتەبەرهەم.
چەوساندنەوەی ئافرەت لەکوردستاندا زەمینەی بۆ خۆشکراوەو کۆمەڵێک فاکتەر ی داسەپیو و هاوچەشن ڕۆڵی تێدا دەبینن.
ئیسلام کەسەرچاوەیە بۆ ڕەوادان بە سووکایەتی ئافرەت وخۆی خزانوەتە نێو هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤەوە وقسەی تێداهەیە، هۆکارە بۆبرەودان بەو تراژیدایە. ئەوتا ئافرەت بەناقس ئەقڵ وئیمان ناودەبات ، لە میراتدا نیو بەشی پێ ڕەوا بینیوە،بەدووانیان یەک شایەد پێکدێنن یاخود ئافرەت لەڕیزی شەیتان و سەگدا دادانێت ،جەستەشیان کێڵگەی پیاوە چۆن ئارەزوو دەکات وا دەیکێڵێت.

لەبەر ئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگەی کورد ئیسلامەبۆیەئاساییەئەو دەقانەکاریگەری سەلبی لەسەر پیاوەکانمان هەبێت بۆ تێڕوانین و مامەڵەکردنیان لەتەک ئافرەتدا.
کەلتوورەدواکەوتووەکانێش تەواوکەری ئاینن لەپاشکەوتوویی تاکی کورددا. هێندەی ژنەکانمان بۆ چارەسەرکردنی ئازارەدەروون و جەستەیەکانیان یابۆ هێنانەدی ئاوات و خەونەکانیان پەنا بۆ شیخ و مەلاو جادووگەروو دووعاخوین وفاڵچی دەبەن هێندەناچنەلای پزیشکی دەروونی یا پزیشکی جەستەیی.
هێندەی پیاوەکانمان پابەندن بەخووتبەو فەرمایشتەکانی خەتیب و مەلاو و شێخ و سەرەک خێڵەوچارەکی ئەوەپابەند نین بەیاساو ڕێساو حوکم دەسەڵاتی مەدەنیەوە..
هێندەی دەسەڵاتیش گرنگی بەو پێکهاتەدواکەوتوانەدەدات، هێندە لالە ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەوبەهێزکردن و جێگیرکردنی کایەڕۆشنبیری و عەلمانی و مەعریفیەکان ناکاتەوە.
ساڵانەپارەیەکی زۆر بۆ درووستکردنی مزگەوت و خانەقاو تەکیەو خێڵ و بەهێزکرنی عەشیرەت خەرج دەکریت،لێ بۆ بوارەکانی ڕۆشنبیری وپەروەردەی هاوچەرخ لەسەدا دە خەرج ناکریت.

بەتەنێ لە باژێڕی هەولێردا پتر لە 350 مزگەوت هەیەو ژمارەکەش لە هەڵکشاندایە،لەبەرامبەردا لە هەموو هەولێردا دوو مەڵبەنی ڕۆشنبیری بە مانای ڕۆشنبیری نیە،جێگەیەک نیە گەنجەکان خۆیانی تێدا ببیننەوەو کاتی خۆیانی تێدا بەسەر بەرن،ئەوە باسی سینەما هەر ناکەم کە لە گشت کوردستاندا بوەتە دانسقە.

. بەهۆی نەبوونی هۆڵی تایبەت بە کۆڕگێرانکۆڕو سەمینار لەئوتێلەکاندا ساز دەکەن خۆ حاڵی سلیمانی و شارەکانی دیکەش هەروایەو باشتر نیە

جا گەر کۆمەڵگەیەک ئەمەحاڵی بێت و بەم کەلتوورەدواکەوتوەپەروەرەدەو گۆشکرابیت بێگوومان هەر ئەوەی لێ دەردەچێت کەئێستەدەبینین.

ئێمەناتوانین باس لەئازادی ژن بکەین گەر بێت و کۆمەڵگەپابەندی کۆمەڵێک داب و نەریتی دژ بەئافرەت بیت کە بوونەتە کۆت و بەند بۆیان. سەرەتا پێویستەئەو بەندوو کۆتانەلاببرێن ،ئەویش بەر لە هەمووشت جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت، و هەنگاو نان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مۆدرن کەتەنها یاسا سەروەبێت، هاوکات کەم کردنەوەو نەهێشتنی دەسەڵات و کاریگەری مەلاو مزگەوت و سەرۆک خێڵ و شێخەکانی تەریقت و ئەو لایەنانەی ڕێگرن لەبوونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. ئەو دەمە دەکرێ باس لە ئازادیان بکریت.

دوواشت گەرەکمەئاماژەی پێبکەم هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانەلەکوردستان لەمەڕ کوشتنی هاوجنسی خۆیان .ئاشکرایەهەریەک لەئەمانەدرووستکراوی ححیزبێکی دیاریکراون، هێزو توانا و یارمەتی وبڕیار لەو حیزبەوەوەر دەگرن، تەنانەت بەرپرسی یەکەمی هەنێک لەو ڕێکخراوانەئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکەیە،جگەلەوەی کەزۆربەی ئەندامانی سەر بەریکخراوەکەئەندامی هەمان پارتن.

جا شتێکی سرووشتیەکەزۆر جار بەرژەوەندی ئەم حیزب یا ئەوحیزب لەگەڵ داخواخیەکانی ئافرەتاندا یەکناگرێتەوە،هەربۆیەش زۆر جار ئەو حیزبانەبێدەنگی هەڵدەبژێرن لەکاتی زۆر دۆزدا کەپەیوەندی بەژنەوەهەیە،ئەمەش وای کردوووەهەمان ڕێخراوی ئافرەتانیش هاو هەڵیوێست بێت ،چونک گەرەکە لەسەری سیاسەتی حیزبەکەی جێبەچی بکات و ملکەچی بڕیارەکانی بیت ،ڕوویداوەهەندیک جار یەکێک لەو ریکخراوانەهەڵوێستێکی شەرمنانەی وەرگرتووە،ئەوێش لەبەخاتری رازیکردنی جەماوەر،لی ئەو هەڵوێستە لە ئاستی پێویستدا نەبووەو تینوێتی ئافرەتانی نەشکاندووە .من ناڵێم ئەو ڕیکخراوانەسەر بەحیزب نەبن بابن ،چونکە سوونەتی ژیانی سیاسی لای ئێمە وادەخوازیت ،لێ دەبی بەپلەی یەکەم کار بۆ دۆزو مەسەلەی خۆیان بکەن نەک ڕازیکردنی حیزبەکانیان ،خۆگەر وانەکەن ئەوا بوونیان لەبڕی سوود زیان بە دۆزی ژنان دەگەیەنێت گەر بێتو ئەو ڕکخراوانەکارارو هاوبەش بۆ بەرژەوەندی خۆیان تێبکۆشن ، بێگومان دەتوانن کاری مەزن ئەنجام بدەن گەر یەکگرتوانەکار بکەن دەتوانن عەرش بێننەلەرزین و دەسەڵات ناچار بکەن بۆ گوێگرتن لە داخوازیەکانیان. ئەوەی زۆربەمان هەستی پێدەکەین ئەوەیەکە ئەو ڕێکخراوانە متمانەی توێژی مینە یان لەدەست داوە وبە ساردی دەڕواننە کارەکانیان،ئەویش لەبەر ئەو هویانەی باسمکردن.

لەدوای کووشتنی دووعا وام چاوەڕێدەکرد کەسەرجەم ئەو ڕێکخراونەپێکەوەچەند هەزارکەسێک لەئەندام و لایەنگرانیان بێننەسەر شەقام و شەقام بهاژێنن و  چەندین ڕۆژ لەبەر دەم پەرلەماندا بمێننەوە،لێ بەداخەوەبەهەموویان تەنها چەند کەسیکیان بۆکۆکرایەوە کەیاداشتێکیان دا بەپەرلەمان،ئیدی پاش ئەوەدەنگ و رەنگیان نەما.

جا بۆئەوەی ئەوانەڕۆڵی کاراو کاریگەر ببینن دەبیت سیاسەت و بیرکردنەوەیان بگۆران بەجۆرێک کەلەبەرژەوەندی تەنها خۆیاندابێت ،ئەو دەمەدەکری بڵێین بەراستی رێکخراوی ئافرەتانن .

halabja@ofir.dk